بِسْمِ الله أرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِد، اللهُ يَشْفِيك، بِسمِ اللهِ أُرقِيك

له ئەبی سەعیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپێی فەرموو: «ئەی موحەمەد، ئایا نەخۆشیت؟»، فەرمووی: «بەڵێ»، ئەویش (جبریل) فەرمووی: «بِسْمِ الله أَرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِد، اللهُ يَشْفِيك، بِسمِ اللهِ أُرقِيك». «واتە: بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم -بۆئەوەی خودا شیفات بۆ بنێرێت-، لە هەموو شتێک کە ئازارت دەدات، ولە شەڕی هەموو نەفس وچاوێک کە حەسوودیت پێ ببات، خودا شیفات بۆ بنێرێت، بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

جبریل -علیه السلام- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپرسیاری لێکرد: ئەی موحەمەد، ئایا نەخۆشیت؟ فەرمووی: بەڵێ. جبریل ڕوقیەی خوێند بەسەر پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم-، وفەرمووی: «بِسْمِ الله:بەناوی خودا»؛ داوای یارمەتی وبە هاناوە هاتن لە الله دەکەم، «أَرْقِيكَ:ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم»؛ وخوای گەورە پەنات بدات، «مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ:لە هەموو شتێك زیانت پێبگەیەنێت»؛ بچووك یان گەورە بێت، «مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ:لە شەڕی هەموو نەفسێك»؛ کە پیسە، «أَوْ عَيْنِ حَاسِد:یان چاوی حەسوودێك»؛ کە لێت بدات وزیانت پێبگەیەنێت، «اللهُ يَشْفِيك:خودا شیفات بۆ بنێرێت»؛ وبتپارێزێت لە هەموو نەخۆشیەك، «بِسمِ اللهِ أُرقِيك:بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم»»؛ دووبارەی کردەوە بۆ جەختکردنەوە، ولە سەرەتادا بەم نزایە دەستپێکرد وکۆتایی پێهێنا وەکو ئاماژەیەك بۆئەوەی هیچ یەکێك ناتوانێت سوود بهێنێت وزیان لابدات جگە لە الله نەبێت -سبحانه وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5650

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee